# هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکێکی بزوتنەوەی ژنان لە شاری جوانرۆ گیرا

بە نزیکبوونەوەی ڕۆژی ٨ مارس ڕۆژی جیهانی ژن چالاکێکی مافی ژنان لە جوانرۆ گیرا. بە پێی هەواڵ، هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژێمی ئێران شەوی یەکشەممە ١٨ی ڕەشەمەی ١٣٨٧ هەڵسووراوێکی بوزتنەوەی ژنان بە ناوی فەرزانە محەممەدی خەڵکی جوانرۆ گیراو ڕەوانەی زیندان کرا.
شایانی باسە ناوبراو لە چالاکانی مافی ژنان لە شاری جوانرۆیە و پێشتریش بە تۆمەتی پروپاگەندە دژ بە ڕژیم لە ڕێگەی نووسینی بابەت و ڕاپۆرت لەلایەن لقی یەکی دادگای ڕژیم لە کرماشان بە ٩ مانگ زیندان مەحکوم کرابوو کە بە دانی ٥٠ ملوێن تمەن ئازاد کرا بوو.

***

## دەرچوونی حوکمی ئێعدام بۆ ١٤ کەس لە ئوستانی کوردستان

سەرۆکی گشتی دادگوستەری ڕژیمی ئێران لە ئوستانی کوردستان لە دەرچوونی ١٤ حوکمی ئێعدام لەم ساڵدا، تەنیا بە بیانووی خەبات دژ بە مەوادی موخەدیر لەو ئوستانە هەواڵی دا.
گروسی جینایەتکار گووتی: حەوت لەو حوکمانە نێردراوە بۆ دادستانی گشتی وەڵات و باقی حوکمەکان لە قۆناغە قانوونیەکان دان.

***

## کۆبوونەوەی خوێندکارانی کورد لە زانستگاکانی تاران

ڕۆژی دووشەممە ١٩ی ڕەشەمەی ١٣٨٧، ژمارەییێکی سەد کەسی لە خوێندکارانی کورد بە مەبەستی ڕێزگرتن لە یادی پێنج هەزار شەهیدی شیمیایی بارانی هەڵبجە و لە نارەزایەتی بە نەدانی ئیجازە بە بەڕێوەبردنی ڕێ و ڕەسم لەو زانستگایانە کۆبونەوە و هەڵگرتنی لقێ گوڵی سپی نارەزایەتیان لە زانستگای تاران بەڕێوە برد.
پارێزگاری لە سنووری زانستگا وەك سەنگەری ئازادی و خەبات لە داوا سەرەکیەکانی ئەو خوێندکارانە بوو. ئەو کۆبوونەوەیە نزیك بە سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆ لە بەرانبەر کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ و بە خوێندنی شیعر لەلایەن یەکێك لە ئامادە بووان، سەبارەت بە کارەساتی هەڵبجە دەستی پێکرد. ئەو ڕێ و ڕەسمە کە سەعاتێك درێژەی کێشا، ژمارەیێك لە خوێندکاران قسەیان کرد.

## گرتن و ئازاردانی لاوان لە شاری بانە

لە دوای ترسی کاربەدەستانی ڕژیم لە کوردستان لە پەرەگرتنی مانگرتن لە شارەکانی دیکە، هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم لە شاری بانە دەستیان داوەتە ئازار و هەڕەشە لە لاوان.
بە پێی هەواڵی گەیشتوو زیاتر لە ٢٠ کەس گیراون کە چەند کەس لە گیراوەکان دوای لێکۆڵینەوە ئازاد کراون و پێ یان ڕاگەیێندراوە نابێ هیچ زانیارییێك لە سەر گرتن و لێکۆڵینەوەکان بە کەس بدەن و باسێك لە شوێنی گرتنەکەیان نەکەن.
هەر بە پێی هەواڵی گەیشتوو ئیدارەی ئەماکن لە بەردەم پاساژی خدری چەند کەس لە دەست فرۆشانی گرتوە.

## تێکگیرانی خەڵکی سەقز لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی ئێران

شەوی هەینی ٩ی ڕەشەمەی ١٣٨٧، خەڵکی شاری سەقز لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم تێکگیران. ئەو ڕووداوە لە کاتێکدا بوو کە ئەو هێزانە بەدوای ماشینێکەوە بوون کە هەڵگری باری قاچاخ بوو، لە ئاکامدا تەقەی لێکراوە لە شەقامی کوردستان توانیان ماشینەکە ڕاگرن.
بە بیستنی تەقەی هێزەکانی ڕژیم، خەڵك ڕووی لە شوێنی ڕووداوەکە دەکەن و دەست بە بەردبارانی ئەو هێزانە و دیفاع لە ڕانندەی ماشینەکە دەکەن و تا درنگانێکی شەو بەردەوام دەبن لە دیفاع کردن و هێرش بۆسەر هێزیکانی ڕژیم.

***

## شوێنەواری دەورانی برۆنز (قەرەکەند)ی بۆکان لە ناوبرا

شوێنەواری پێنج هەزار ساڵەی قەرەکەند یەکێك لە چەند شوێنەوارە گرینگەکانی دەورانی برۆنز لە بۆکان لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، بە هۆی دروست کردنی پێگەییێکی نیزامی بۆ هەمیشە لە ناوبرا.
لە ناوبردنی باقی شوێنەوارەکانی ئەو ئوستانە بەردەوامە و بەرپرسانی ڕێکخراوی شوێنەوارە فەرهەنگی و گەشتیاریەکانی ئەو ئوستانە لە حاست ئەو کردەوانە بێ دەنگن.
فاتیمە عەلی ئەسغەری دەڵێ: لە دوای تەواو بوونی ئەو بنکە نیزامیە لە سەر شوێنەواری پێنج هەزار ساڵەی قەرەکەند، کە لە ساڵی ١٣٨٥ دەستی پێ کردبوو، نهێنیەکانی ئەو شوێنەوارە کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێهەم و ١٥٠٠ ساڵ پێش زایین، بۆ هەمیشە فەرامۆش کرا.
لەناو بردنی ئەو شوێنەوارە کە لە حەوتووی بە ناو دیفاعی موقەدەسی ساڵی ١٣٨٥ دەستی پێکرد، چەندین جار لەلایەن ڕێکخراوە جەماوەریەکانەوە سەبارەت بەو کردەوەی ڕژیم نارەزایەتی دەربڕاوە و داوایان کردوە ئەو کارە ڕاگیرێ و پرۆژەکەیان بەرنە جێگەیێکی دیکە.
بەو جۆرەش هیچ یەك لە بەرپرسانی پێوەندی دار وەك فەرمانداری، ئوستانداری و ڕێکخراوی شوێنەوارە فەرهەنگی و گەشتیاریەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا هەنگاوێکی جیدیان لەو بارەوە نەناوە.

***

## ڕژیمی ئێران بوردومانی دێهاتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقی دەستپێکردەوە

تۆپخانەکانی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی ئاخوندی ئێران شەوی سێ شەممە ٢٠ی ڕەشەمەی ١٣٨٧ ، دێهاتە سنووریەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقیان بوردومان کرد. کە بەو هۆیەوە منداڵێك گیانی دا. ئازاد وسوو مودیر ناحیەی ژاراوە بەو هەواڵدەریەکانی گووتووە، بە هۆی ئەو تۆپ بارانەی ڕژیمی ئێران منداڵێك کوژراوە و دایك و بابیشی بریندار بوون.
ناوبراو زیادی کردوە کە نزیك بە دوو سەعات دێ کانی ڕەزەگە و مارەدوو بوردومان کراون.

***

## لە شاری بانە چەند خۆفرۆشێك بە شەڕ هاتن

سەعات شەش و نیوی ڕۆژی چوارشەممە٢١ی ڕەشەمەی ١٣٨٧، چەند خۆفرۆش بە سەر پرستی جاشی ناوزڕاو حەمە قۆخانی هێرشیان کردۆتە سەر ماڵی جاشێکی بەد ناوی ڕژیم بە ناوی ناسری حاجی حەمە زەرواوی و لە ئاکامدا شەڕ و پێکدادان لە نێوان خۆفرۆشان ڕوی داوە و بە پێی هەواڵ حەمە قۆخانی و دوو خۆفرۆشی دیکە بریندارن.

***

## چالاکێکی سیاسی لە جوانرۆ حوکمی ئێعدامی بە سەردا سەپا

چالاکێکی سیاسی خەڵکی جوانرۆی سەر بە کرماشان بە تۆمەتی ئەندامێتی لەگەڵ یەکێك لە هێزە کوردستانیەکان و تێکدانی نەزم و ئاسایشی نەتەوەیی ڕژیم و بەشداری لە ڕێپێوانەکان لە نارەزایەتی بە کوژرانی شوانە قادری، حەکمی ئێعدامی بە سەردا سەپا.
بە پێی قسەی خانەوادەی ئەنوەر ڕۆستەمی، ناوبراو نزیك دوو مانگ لەوە پێش لە شاری کرماشان لەلایەن هێزە ئاسایشیەکان گیرا و گوازرایەوە بۆ ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی ڕژیم.
ڕۆستەمی لەگەڵ ئەوەی لە کاتی دادگایی کردن پارێزەری بۆ دیاری کرابوو، دادگای ڕژیم لە شاری کرماشان لە دادگاییێکی چەند دەقیقەیی دا بە تاوانی ئەندامێتی لە یەکێك لە هێزە کوردستانیەکان و شەڕکەر ناسێندرا و حوکمی ئێعامی بە سەردا سەپا.
ئەو زیندانیە ئێستا لە زیندانی ناوەندی کرماشان دایە.

***

## ڕاگەیێندراو لە سەر نارەزایەتی چەند ڕۆژەی خەڵکی مەریوان

لە دوای فشار و هێرشی هێزەکانی ڕژیم بۆ سەر خەڵك و کاسبکاران لە مەریوان پەرەی سەندوو ڕێگەی سنوورەکان بۆ هاتووچۆی کرێکاران و کاسبکاران بەسترا، خەڵکی توورە و ناڕازی مەریوان لە کردەوەیێکی بوێرانە و شۆرشگێڕانە، ڕۆژی دوو شەممە ١٢ی ڕەشەممە دوکان و بازاریان داخست کە ئەو مانگرتن و ئیعترازە چەند ڕۆژیە تا نووسینی ئەم ڕاگەیێندراوە، واتە ڕۆژی چوارشەممە ١٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٧ سەرەڕای هەڕەشەی هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕژیم لە خاوەن دوکان و پاساژە سەرەکیەکان شاری مەریوان، بە گرتن و دەست بە سەرداگرتنی دوکان و کەل و پەلەکانیان بەردەوامە.
بە پێی هەواڵی گەیشتوو جەماوەری تێکۆشەری مەریوان بڕیاریان داوە، درێژە بە ئیعتراز و مانگرتنی کەم وێنەیان بدەن.
سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لەگەڵ ناردنی سڵاو و درود بۆ خەڵکی قارەمانی مەریوان و دەست خۆشی لە هەوڵ و تێکۆشانیان لە بەرانبەر زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی ئاخوندی داوا لە خەڵکی شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەکا بۆ پشتگیری لە خەڵکی تێکۆشەری مەریوان، هەروەها بۆ هاتنەدی خواستەکانیان دەست بدەنە ئیعتراز و مانگرتنی هێمنانە.
بێ گومان بە مانگرتن و کاردانەوەی شۆرشگێڕانەی جەماوەری کوردستان، ڕژیمی ئاخوندی و دەسەڵاتدارانی لە کوردستان ناتوانن چۆنیان پێ خۆشە درێژە بە سەرکوت و چەوسانەوەی خەڵك بدەن.
سەرکەوێ خەبات و تێکۆشانی جەماوەریی لە بەرانبەر ڕژیمی ئاخوندی
درود بۆ خەڵکی دلێر و تێکۆشەری مەریوان و تێکڕای شار و ناوچەکانی کوردستان

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
١٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٧

## هوشیار زێباری: عێراق لەگەڵ ڕژیمی ئێران لە سەر سنوورەکان کێشەیان هەیە

ڕۆژی دووشەممە ١٩ی ڕەشەمەمی ١٣٨٧، وەزیری دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند کە عێراق سەبارەت بە دیاری کردنی سنوورە زەمینی و ئاویەکان لەگەڵ ڕژیمی ئێران کێشەی هەیە.
هوشیار زێباری بە تەلەفزیونی "الشرقیە"ی عێراقی گووت: ئێمە کێشەیێکی زۆرمان لەگەڵ لایەنی ئێرانی سەبارەت بە چارەسەر و دیاری کردنی سنوورە زەمینی، دەریاییەکان هەیە.
ناوبراو زیادی کرد، ئەو مەسەلە ڕووباری شەت لعەرەبیش دەگرێتەوە. هەوڵەکانی ئێمە بۆ بە قەناعەت پێ کردنی ئێرانیەکان سەبارەت بە پێویستی و گرینگی ڕێکەوتن لەگەڵ یەك بۆ ڕێگەگرتن لە دروست بوونی کێشە بە ئاکام نەگەیشتووە.

## وەڵاتی مەراکش پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ڕژیم ڕاگرت

بە هۆی دروست بوونی کێشە لە نێوان مەراکش و ڕژیم، وەزارەتی دەرەوەی ئەو وەڵاتە ڕۆژی هەینی ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٨٧ ڕایگەیاند کە پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ڕژیم بڕیوە.
لە ڕاگەیێندراوی وەزارەتی دەرەوەی مەراکش، سەفارەتی ڕژیم لە ڕەبات تاوانبار کراوە کە هەوڵی داوە تا دامەزراوە مەزهەبیەکانی پاشایەتی مەراکش بگۆڕێ و پەرە بە مەزهەبی شیعە بدا. لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕاگەیێندراوەدا هاتووە: پاشای مەراکش بڕیاری داوە لە ڕۆژی هەینیەوە پێوەندیەکانی لەگەڵ ڕژیمی ئێران ببڕێ.
ئەو ڕاگەیێندراوە لەو پێوەندەدا شیی کردنەوەی زیاتری نەداوە.
بەڵام پێوەندیەکانی مەراکش و ڕژیمی ئێران لە دوای کێشە لە سەر بەحرەین، ئاڵۆزی تێکەوت.
لە دوای بڵاو بوونەوەی قسەکانی ئاخوند ناتقی نووری سەرۆکی پشکێنەری تایبەتی وەلی فەقێی ڕژیم، کە ووتبووی بەحرەین ئوستانی چواردەیەمی ئێرانە، ئاڵۆزی لە نێوان ڕژیم و مەراکش سەری هەڵدا.

***

## کەمی نەقدینەیی لە بانکەکانی ڕژیم دا

ڕۆژنامەی حکومەتی ئیعتماد لە کەمی نەقدینە لە بانکەکانی ڕژیم دا هەواڵی دا. بە پێی نووسراوەی ئەو ڕۆژنامە، کەمی نەقدینە بۆتە هۆی ئەوەی تا سیستمی دانی پووڵ (سیستمی بەپەلە) داخرێن.
هۆی کەمی نەقدینەیی لە بانکەکان زۆر بوونی بەکار هێنانی سیستمی بەپەلە، ڕاگەیێندراوە. بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەی ئیعتیماد، بە دروست بوونی ئەو کێشەیە خەڵك مەجبوورن کە ئەو دراوانە بە کار بێنن کە لە بانکی دایکدا دانراون و کارتی تایبەتی ئەوێ یان پێ یە.

## کەمکردنەوەی بەشە بەنزینی ماشینی مەدەنی و گشتی



ڕۆژنامەی حکومەتی سەرمایە، باسی لە پەسەندکراوی ڕۆژی پێنج شەممە٢٢ی ڕەشەمەی مەجلیسی ڕژیم سەبارەت بە لابردنی یارانەکانی ئەو بەنزینەی لە دەرەوە دەکردرێن، کردوە.
بە پێی نووسراوەی ئەو ڕۆژنامە، لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی بودجەی گشتی ساڵی ١٣٨٨ی دەوڵەت، یارانەی بەنزینی هاوردە کە لە بودجەی ساڵی ١٣٨٧، نزیك بە ٣هەزار ملیارد تمەن بووە، بۆ ساڵی دادێ لە بەرچاو ناگیرێ.
بە پێی نووسراوەی سەرمایە، لە ئاکامی ئەو بڕیارەدا، ڕێژەی بەشە مانگانەی بەنزینی ١٠٠ تمەنی بۆ ماشینە مەدەنیەکان لە ساڵی ١٣٨٨ دا کەم بکرێتەوە بۆ ٨٠ لیتر و دابەش کردنی بەنزینی ئازاد بە نرخی تەواوی ڕۆژ کە لە ئێستادا ٤٠٠ تمەنە، دەگاتە ٢٣ ملوێن لیتر لە ڕۆژدا.
ئەو ڕۆژنامە دەنووسێ، لە ساڵی داهاتوودا دەوڵەت دەبێ ڕۆژانە ٤٤ ملوێن لیتر بەنزینی درووست کراوی ناوخۆ تایبەت کا بە سەهمیەبەندیەکان، کە بەو پێ یە هەر ماشینێکی مەدەنی مانگانە ٨٠ لیتر بەنزینی دەکەوێ.
ڕێژەی بەشی ماشینە گشتیەکانیش لە نێوان ٤٥٠ تا ٦٠٠ لیتر بووە کە بە هۆی ناوچەیی کردنی بەشی ماشینە گشتیەکان، بەشەکانیان بۆ ٤٠٠ لیتر کەم کەدا و لە شارەکانی وەك تاران زیاتر دەبێ لە شارە بچووکەکان.

## هاوکاری ئەمریکا و روسیە بۆ ڕاگرتنی دروست کردنی چەکی ناوکەیی لەلایەن ڕژیمی ئێرانەوە

باراك ئوباما سەرۆك کۆماری ئەمریکا پێشنیاری بە دیمیتری مدودوف سەرۆك کۆماری روسیە داوە کە لە بەرانبەر ڕاگرتنی پشتیوانیەکانی ئەمریکا لە بەرنامەی سپەری مووشەکی لە ڕۆژهەڵاتی ئوروپا، روسیە هاوکاری بکا لە ڕاگرتنی بەرنامەی ناوکەیی ڕژیمی ئێران.
بە پێی هەواڵی هەواڵدەری نیۆیۆرك تایمز، لە نامەی ئوبامادا هاتووە کە ئەگەر هەوڵەکانی ڕژیمی ئێران بۆ وەدەست هێنانی چەکی ناوکەیی ڕاوەستێ، ئەمریکا پێویستی بە دروست کردنی سیستمی دیفاعی مووشەکی نابێت.